

## بۆ یادی ئەنفاڵ

چی بنووسم ناگاتە ئەژنۆی ئەو ژن و منداڵە بەستەزمانانەی بوونە خۆراکی درندەترین رژێمی سەدەی بیستەم ، رژێمە فاشیەکەی صدام حوسێن ودارودەستەکەی.....لە 1993/9/18 شیعرێکم نووسی بەناوی سەحراوی لە دیوانی داستانی رووح لە ل68.56 بڵاومکردەوە...ئەو منداڵە دۆزراوەی بیابان ناوم لێنا سەحراوی...شەهیدانی ئەنفاڵ دەبێ ئێستاکە ئەو لاشە بەنازانە لەکامە خاکدا ئازاری غوربەت بچێژن ، یا هەر لەژێر خاکی خۆیاندا غەریبن ...دەبێ ئەو کچ و ژنانە لەکامە بازاری هەرزانی عروبەی بەعسی فاشی بە خەڵات پێشکەش بە سەرانی عارەب کرابێ و هەتا ئەمڕۆ لەشیان هەراج بکرێت...دەبێ ئەو خەڵکە موسڵمانە نەزانێ بەناوی ئیسلام کورد چۆن هەتک کرابێ و نەوەی سەلاحەدینی ئەیوبی مۆرکی ئەنفاڵی پێوە ناوزەندکرابێ...ئەی کوا ئەو دادگایەی پارێزگاری لە مافی مرۆڤ دەکات...من هیچ شک نابەم هەر تەنها ئەو چەند ووشەیە دەکەمە تاجەگوڵ و لە بەرۆکی ئەو گوڕانە هەڵدەواسم کە نادیارن و ئێستاکەش وونن ...ئەنفاڵ گەورەترین تراژیدیایە لە دونیادا ، جا با 185000نەبێت با 50000هەزاربێت ،دەبا ئەو چەندە بێت کە ئێسکی مرۆڤایەتی دەجولێنی و دەروونی دەبێتە ئاگردان...دایکی شەهید ، ژنی شەهید چۆن جەرگی سووتاوە و بۆ رزگاری کوردستان چۆن نەفرەت لە صەدام و رژێمەکەی دەکات ، بەیانی کاتێک هاواری دادوەر بەرزدەبێتەوە و دەیخاتە ژێر کەوشی ئەو دایک و ژنە شەهیدانە ئەو کاتە گۆرانی سەرفرازی دەکەینە کۆڕاڵ و هەرهەموو کوردستان بەیەک دەنگ و بەیەک ئاواز سروودی سەرکەوتن دەڵێینەوە بۆتان ئەی ئەنفاڵکراوەکان.

..فەهد گردەوانی 2006/4/9ستۆکهۆڵم

### ئەو دوو پارچە شیعرەم دەکەمە دیاری شەهیدان

**ئـه ن فـا ل**
**فـا ل ئـه ن**
**ل ا ف ن ه ئـ**

لە وێ بوون
هە ر هە موویان
هە ر هە مومان
گۆرانی مانە وە مان
لە قورگ بوو
سە نگە ر بە سە نگە ر خە ریکی
رزگارکردنی مرۆڤ و
ئاژە ڵ بووین

سه نگه ر به سه نگه ر
له پێکدادان و شه ڕدا
به ر له خه ڵکه که دۆڕا و هه ڵاتوو بوین
من له داخی ئه و
ئه و له داخی من
چه کی ده ستمان ته نها دارێک بوو
مزگه وت له دوای مزگه وت روخێنرا
تا بووه 3100 مزگه وت
کڵێسا له دوای کڵێسا
تا بوو به 103
هه ندێک تازه و نوێ
هه ندێک له کاتی عیسا
دروست کرابوون
قیژه ی ژن و منداڵ و پیر
هێنده به رز و به ئازار بوو
به گوێی خودا راچوو بوو
تا ناوی نا ئه نفاڵ و
ژماره هه شته می سوره تی قورئان بوو
ئه و سوره ته به ئازاره
ساڵی 1988 بۆ کوردستان هاته خوارێ
په یامنێری ئه مجاره ی محه مه د نه بوو
پێغه مبه ر صدام حسین و عه لی کیمیایی و
کۆمه ڵێک جانه وه ر بوو ـ
مه ڕۆن هێشتا زۆرم ماوه
30 شارۆچکه م خاپوور بووه
2000000 مه ڕ و بزن و مانگام
تاڵان کران
بێسه ر و شوێن بوون
له بیرم چوو
4000 گوند و قوتابخانه و نه خۆشخانه
خاپوور کران
هه رچی کتێب و قورئان و ئینجیل و
وێنه ی یادگاری بوو
گشتی سووتا
خودا له به رامبه ر کورد ئه وه نده بێره حم بوو
جارێکی تر ناوی لێنا
ئه نفال
ئه و ساڵه له مێژووی بوونی
مرۆڤایه تی دا

رووره ش بوو

---

..............................
ئەنفالّی 8

تۆ گوتت سورەتی هەشت
لە قورئاندا ناوی ئەنفالّە
ئەوا ئێستا
ئەنفالّی هەشت
دوا قۆناغە لە ناوچەکەی
بادینانە
هەر لەو کاتەدا
سۆران و گەرمیان بۆ بادینان
کەوتنە گریان
ئەمجارەیان ئەنفالّی خودا
تۆڵەی گاوربوونی پێبەخشین و
بادینانیش بۆیان گریا
لە ئەنجامدا بوومە کۆی
سەدوهەشتامرۆڤ.
سورەتی یەک هەتا هەشتەم
لە قورئان بێت یا لە ئینجیل
ناوی ئەنفالْ بێت یا حوشتر
ئەشکەوت بێ یا مێروولە
ژن بێت یا چێلْ
رۆژ بێ یا بەرد
بۆمن هەر یەک مانای هەیە
ئەویش
تێکشانی ئالاّی عێراق و
نەخشەی عێراق و
دەستووری عێراقە.

2005/8/28 فەهد گردەوانی ستۆکهۆلْم / سوید